# یاسای یەکەم هەموارکردنی قانوونی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ـ ی ژمارە «٣»ی ساڵی ١٩٩٢

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٣٥**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٤/١٢/١٤**

## «بڕیار»

بەپێی مادده «٥٦»ی یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و داوای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەنجوومەن لە «١٥»مین دانیشتنیی خۆی لە ١٩٩٤/١٢/١٣دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەیدا:

## (یاسای یەکەم هەموارکردنی قانوونی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ـ ی ژمارە «٣»ی ساڵی ١٩٩٢)
## (یاسای ژمارە «٣»ی ساڵی ١٩٩٤)

**ماددەی یەکەم:**
مادده «٤» لە یاسای ژمارە «٣»ی ساڵی ١٩٩٢دوای هەموارکردنی بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
پێویستە ئەوەی بەسەرۆک یا جێگر یاخود وەزیر دادەمەزرێت ئەو مەرجانەی لێ بێتە دی کە لەمادده «٢١»ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢دا هاتوون جگە لە مەرجی تەمەن بۆ وەزیر بەشەرتێک تەمەنی بووبێتە بیست و یەک ساڵ.

**ماددەی دووەم:**
وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە کە لەبڕگە «٤»ی ماددەی «٩» لەیاسای ژمارە «٣»ی ساڵی ١٩٩٢ باسکراوە هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی چوارەم :**

پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**